
# سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان

برایم فەرشی



تاران 3ی رەزبەری ساڵی 1364ه.ش

# سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان

بۆ کاک حەسەن
کە خەیاڵی بۆکان
بەرەو مەرگی برد

هەستم بەوە کرد شتێکی قورس لە سەر شانمە, دوو سێ جار رایتلەکاندم, دەنگێگ هاتە گوێم, کاکە! کاکە! چاوم هەڵێنا, سەیری کابرام کرد, وەك کۆڵەکە لە بەرانبەرمدا چەقی بوو, بە دەنگێکی بۆڕەوە وتی، کاکە گەیشتین. سرنجێکی دەورو پشتی خۆم دا, تەنیا من مابومەوە. دەرکەی ماشێنەکەم کردەوە, نەرمەبایێکی خۆش لەشی فێنك کردمەوە.
بەرە بەیان بوو, شار هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو. شارەکەم لە باوەش گرت, ماشێنەکە رۆیشت. لە بەر گاراژ راوەستاوم, چاوم کەوت بە گۆڕەپانێك, لە ناو گۆڕەپانەکەدا حەوزێك, لە ناو حەوزەکەوە چرابەرقێك بە چوارچراوە خۆی دەنوواند, گوڵ وگوڵزاری دەوری حەوزەکە بە بەفر داپۆشرابوو, ئێرە چوارچرای بۆکانە, وەبیر گۆرانیە خۆشەکەی «عەلی کەردار» کەوتمەوە:

هاتنە خوارێ چوار بە چوار
کەوای سوور و شەدەی لار
ئازیزەکەم, باوانەکەم پەیمانەکەت کوا؟
ئازیزەکەم, باوانەکەم عەهدو وەفات کوا؟
کەژاڵم لێ میوانە خۆ نەیێلم ئەو شەو بڕوا
بولبولم ئاشقم بە گوڵی باخ
با زستان بڕوا, بەهار دێمەوە بۆکان
بازستان بڕوا بەهار دێمەوە بۆکان

ئێرە شارە خنجیلانەکەی موکریانە. خەڵك تاك تاك و دوو دوو ڕێگەیان دەبڕی, هەرکەس بەرەو شوێنێك دەرۆیشت, لە بەر چاوی من هەموو دەم بە پێکەنین بوون, دەت گووت, رۆژی جێژنە. ئەگەر شاعیر بام, پێکەنینی شار و خەڵکەکەم بە شیعر دەهۆندەوە. جم

وجوڵ ورده ورده زۆرتر دەبوو, شار ئێدی خەواڵو نەبوو. جەماعەتێکی زۆر لە شوێنێك ڕاوەستابون, پێم سەیر بوو, بەم بەرە بەیانە, دەبێ چ رووی دابێ؟ کەسێك مردووە؟ لە خەڵك نزیك بومەوە, جل وبەرگی جۆراجۆریان لە بەر دابوو, هێندێك دڕاو, هێندێك پینەکراو, پیر ولاو تەنانەت منداڵیش لە نێویان دا بوو, سێ سێ وچوار چوار پێکەوە قسەیان دەکرد, هەر کەسە لە شتێك دەدوا, یەك باسی گوندەکەی خۆی دەکرد, ئەوی تر باسی تارانی لا بوو. کابرایەکی گەڕاوەی بە قەڵافەت چکۆلەیان لێ پەیدا بوو, رووی کردە لاوە باڵا بەرزەکە, لاوەکە دوو هێندەی خۆی بوو, هەموو جارێك کە دەیویست لە گەڵ کوڕە بدوێ, وەك منداڵێك دەچوو کە بۆ قسەکردن لە گەڵ باوکیا ملی بکەویت بە پشتا, کابرا کوتی: ئەتۆ بێڵ چا دەوەشێنی؟!
لاوەکە: بەڵێ قوربان.
کابرا: بەردی چادەکێشی؟!
لاوەکە: بەڵێ قوربان.
کابرا خۆی قیت کردەوە, هەردوودەستی لە گیرفانی شاڵوارەکەی خستو شاڵواری هەڵکێشا, وام هاتە بەر چاو کە پاتۆڵەکەژی منداڵە و هەر ئێستایە داکەوێتە خوار, ئاخە شاڵوارکە بۆ بەری زل و فش بوو. بە لاوەکەی کوت: دەی باشە دوو کەسی تر وەك خۆت پەیداکە با بڕۆین. ئەو کەسانەی لە گەڵ لاوەکە ڕاوەستابوون, هەموو روویان کردە لاوەکە, بە چاو داوایان لێ دەکرد, لە گەڵ خۆی بیانبات. لاوەکە عەبەسرابوو, چاوی بە هاوشانەکانیدا گێڕا, ئەگەر بە دەست ئەو بایە هەموویانی لە گەڵ خۆی دا دەبرد. پیاوێکی پیر دڵی تاقەتی نەهێنا و کوتی: شێرکۆ با من لەگەڵتا بێم! مێرمنداڵێك هەروا دەنگی لێ بەرز بووە, شێرکۆ سەری داخست و وەڕێ کەوت. مامە وکوڕەش بە دوایدا, هاواڵەکانیان هیچیان نەووت و بە چاو وەشوێنی کەوتن, کابرای حاجی کە چاوی بە شێرکۆ و دووکەسەکەی دی کەوت, چاوی زەق کردەوە, بە تەوسەوە کوتی: کابرای نەفام دەتەوەێ ئەوانەم بەسەردا ساخ کەیەوە!؟ مامەپیرە وەجواب هات: مامە حاجی بە زاتی خودا هێندەی دوو کەس کار دەکەم, مەڕوانە کە پیرم, هێزو توانم زۆرە, لەمنداڵییەوە هەتاکو ئێستا لە سەر زەوی هەر بێڵم وەشاندووە. بە پەلە قۆڵی هەڵماڵی و باسکە ڕەقەڵەکانی نیشان داو وکوتی: سەیری باسکم کە ماشەڵا ملی بەرازی دەشکێنێ. حاجی بزەێکی هاتە سەر لێو و کوتی: تمەنێکت کەمتر دەدەمێ. مامە هیچی نەووت. کوڕە پێی وابوو دەبێ ئەویش وەك مامەپیرە بەشان وباهۆی خۆد دا هەڵبڵێ. بەڵام مەتەقی لێوە نەهات, حاجی دوو کەسەکەی وەدوای خۆی دا و کوڕە بەجێ ما.
کە لام کردەوە دیتم کابرایێکی کراوات لە مل خەریکە لە نێو جەماعەتەکەدا کرێکار جیادەکاتەوە: ئەتۆ بڕۆ ئەولا, ئەتۆ بەکەڵك نایەی...بەم چەشنە حەفتا, هەشتا کەسی جیا کردەوە, کوڕەش بە پەلە خۆی بە نێو جیاکراوەکاندا کرد. دووای رۆیشتنی کابراو جەماعەت, شوێنەکە هەر قەرەباڵغ بوو.
کەنیشکێك بە پەنامدا هات, سێ قابڵەمەی ماست لە سەر سەری دانابوو، هەر دووك دەستی لە کەمەری نا بوو، قیت قیت دەرۆیشت, لە جل وبەرگی ڕا وێ دەچوو خەڵکی دێهاتی نزیك شار بێ. وەشوێنی کەوتم. ئەو لە پێشەوە منیش بە دوای دا, لە ڕاستەی ڕێ لای داو بە دەستی چەپدا بای داوە, جەماعەتێکی زۆر لێرە لە سەر تایە جۆ و گەنم دانیشتبون, یان لە عەرزی پاڵیان بە پاڵانەکانیانەوە دابوو. دووتای تەرازوی گەورە بە بن میچ دا هەڵواسرابوون, هەر تای تەرازوو جێگەی شەش, حەوت تا گەنمی دەبووە.

رانەوەستام وەشوێن کچە کەوتم, کۆڵانێکی تەنگەبەر بوو, بەر هەر دووکانێك ئاوپرژین کرابوو, جوان ماڵی بوویان, بۆنێکی خۆش لەم گوزەرەوە دەهات, دەنگی مەکینەی خەیاتی نە یەك و نە دوو، موسیقایێکی خۆشی ئەم بەرەبەیانە بوو. لیباسی کوردی جوان جوان هەڵواسرابون, کلونجەی ژنان, کەواو پانتۆڵ, رانك و چۆغە, جل و بەرگی ژنان, چارەکە, هەموو چەشنە جل وبەرگێك بەرچاو دەکەوت. کچ لە شوێنێك دانیشت, قابڵەمە ماستەکانی لە پێش خۆی دانا, لە گەڵ کچەکانی دی کەوتە چاك و خۆشی. دووکانێکی پڕ لە کلاوی کوردی بەرانبەری بوو, کلاوی پیاوان, تاس کلاوی ژنان, گۆرەوی مەرەز, هەوری وجامانە(ئاغابانو). خەیاتەکان خەریکی کاری خۆیان بوون, وەستای کارگە لە پشت مێزێکی تەختەیی گەورە کە هەر 30 سانتێك لە عەرزی بڵێند بوو دانیشتبوو, پارچەیکی لە پێش دەست بوو, بە نیومترەکەی دەیپێوا, بە سابونەکەی خەتی دەکێشا و بە مقەستەکەی دەیبڕی, دوو سێ کەس خەریکی ئیش کردن بە مەکینەکان بوون, دوو سێ منداڵیس خەریکی دووگمەلێنان و کون چنینەوە بوون. کوڕە لاوەکەی پشت مەکینەکە لە گەڵ کچە ماست فرۆشکە هەر چاوەبڕکێنەیان بوو, کوڕە پێدەکەنی, کچە وەلامی دەداوە, مشتەرییەك بە سەر قابڵەمەکانەوە وەستابوو, هەر ئیشارەی بۆ قابڵەمەکان دەکرد, بەلام کچە هۆشی لە ماست فرۆشتن نەبوو, لە پڕ وەخۆی هاتەوە, بە شڵەژاوییەوە کوتی: حەوتمەن کاکە حەوتمەن. کابرا سەری سوڕما, کوڕە پێکەنی, کچە سەری داخست. چاوەبڕکێنە دوای فرۆشتنی یەك لە قابڵەمە ماستەکان بە دزە دزە بەردەوام بوو, لەپڕ نیومترەکەی ماموستای کارگە نێوشانی کوڕەی ماچ کرد, کوڕە دەستی وەبەر دەرزی مەکینەکە کەوت, بە پەلە قامکی لە زاری نا, کچە لێی دا لە قاقای پێکەنین, کوڕە سەری داخست, ماموستا کوتی : خەریکی چی هەتیو؟ کەباب فرۆشەکەی بەرانبەریان بزەیێکی هاتە سەر لێوان.

دەنگێکی ئاشنای شمشاڵ هاتە گوێم, هاواری وەرە سوارە بو...شوان بگەرێوە لە بەر مەڕی وەرە وەرە...

دەنگی شمشاڵ بۆلای خۆی رای کێشام, لە سەر کورسی یەك بەرانبەر شمشاڵ ژەنەکە دانیشتم, شمشاڵ دەنگی لێ بڵیندتر بوو, لە گوێچکەم تێپەڕ بوو, تەواوی لەشی داگرتم, هەستم بەوە کرد خوێن لە دەمارەکانمدا بە پەلە لە هاتوچودان, دەتگوت لە ناو سۆبەیان هاویشتووم, کەوتمە خەیاڵاتەوە, بای خەیاڵ رفاندمی چوومە لای مەم و زین, چوومە کوێستانی ئاگری, چوومە لای ئەحمەد و گوڵ ئەندام, چوومە لای لاس و خەزاڵ, چوومە قەڵای دمم دمم, چوومە لای ئەویندارەکان, گەڕامەوە بۆ لای سوارە بچکۆلانەکە.

مامەی شمشاڵ ژەن, شمشاڵی لە لێو نەدەکردەوە, کابرایێکی قەڵەو رادۆێکی زەلامی لە باوەش گرتبوو, رادۆکە لاڵ ببوو, کەسێکی دی چەند کۆت وپانتۆڵی لە کنە خۆی دانابوو, کابرایێکی کزولاواز قۆڵی لە دەسبێح پڕکردبوو, یەکی تر کراس ودەسماڵ وجل وبەرگی ژنانەی بە دەستەوە بوو, کوڕێکی لاویش بێژنگێکی تووی لە کنە خۆی دانابوو, دوو سێ کەس لە دەوری مێزێك دانیشتبون چایی وقلیانیان لە پێش دەست بوو, جل وبەرگیان بۆنی روون و گریسی لێ دەهات, هەموو مات وبێ دەنگ بوون, وەك ئەوەی هەرکامە نوقمی خەیاڵاتی خۆی بێت, بیریان لە چی دەکردەوە؟

قاوەچییەکان پەیتا پەیتا چای و قلیانیان بۆمشتەرییەکانیان دادەنا, پاش ئەوەی شمشاڵ دوا دەنگی لێوە هات, جەماعەت هەر کام لە لاییکەوە دەنگیان لێ بڵێند بوو, رەحمەت لە کەس و کارت, هەر بژی, دەم خۆش. مامە قالە قەندەکەی لە چایەکەی هەڵکێشا ولە زاری

نا, چووم له پەنای دانیشتم, سلاوم کرد, بەروخۆشیەوە وەڵامی دامەوە, زۆر زوو پێکەوە گەرمی قسە بووین, باسی خۆی بۆ گێڕامەوە:
«لە کوردەواریدا شوان بێ شمشاڵ وبلوێر نابێ, منیش شوان بومن. ئەم شمشاڵەم لە منداڵیەوە پێیە, مەڕی دێم دەلەوەڕاند لە قادراوە ونیسکاوا, جگە لە مەڕەکان خەڵکی دێیەکەش بە دەنگی شمشاڵم ئاشنا بوون, بێری کە دەنگی شمشاڵی دەبیست, سەتڵی هەڵدەگرت بەرەو پیری مەڕەکان دەهات, ئێوارە کە دەنگی شمشاڵم هاتبا, خەڵکی گوندەکە بەرەوپیری مەڕەکانیان دەهاتن. ژیانم ئاوا دەست پێکرد. ناوم قادر عەبدوڵازادەیە بەلام پێم دەڵێن قالە مەڕە. من لە هێچ کەسێکەوە شمشاڵم پێ نەبڕاوە, بەلام ئەم ناوەم وەك بەشە ماڵ بە سەردا بڕاوە. کەس وکارێکی زۆرم نیە, ژن ومنداڵ و هەموو کەسم ئەم شمشاڵەیە, ئەگەر لێم دور بێت نەخۆش دەکەوم, ئەگەر لێم نزیك بێ ئەژیم و کەیف خۆشم. بەیت, حەیران, بالۆرەوگۆرانی و قام بە شمشاڵەکەم ئەژەنم, ئەگەر خەڵك لە زمانم حاڵی بن شمشاڵ لە لێو ناکەمەوە, هەر بە شمشاڵ لە گەڵیان دەدوێم, بەلام خەڵك زۆرم لێ حاڵی نین. بە شمشاڵەکەم بەسەرهاتی مەم وزین, خەج وسیامەند, لاس وخەزاڵ, ناسرو ماڵ ماڵ, کەڵ وشێر, سوارو... بەسەرهاتی گەلەکەم دەگێرمەوە, لایە لایە بۆ منداڵان دەڵێم, بۆ بێری وکابان, فەلە و جوتێر, ڕەشماڵ نشین و چارداخ نشین, شارنشین و گوندنشین بەسەرهاتی باو باپیران دەگێڕمەوە, ناسۆڕی دەرونی خۆم وئەوخەڵکە دەگێڕمەوە, ئەگەر شمشاڵ لە کنم نەبێ دەمرم. مێژووی گەلەکەم, دەردو خەفەت وشایی وشیوەنی ئەو خەڵکە لە گەروی شمشاڵەمدا خۆیان شاردۆتەوە. کاتێك لە شمشاڵەکەم دەتوڕێنم, خوێنی لەشم وەك ئاو بە نێو جوگەدا وەرۆیشتن دەکەوێ, پێم خۆشە شمشاڵ لە لێوم نەکەوێتەوە.»
سەری بەرز کردەوە, ردێن وسمێڵ و سەری زۆربە بەرەو سپی رۆیشتبوو, خەفەت و پەژارە نێوچاوانی داگرتبو, ئەودەم وچاوە گەشەی کاتی شمشاڵ لێدان بەرچاو دەکەوت لە گەڵ دەنگی شمشاڵەکە رۆیشتبوو.
هەستم بەوە کرد دڵی پڕە لە دەردو زوخاو, چاوێکی بە دەورو پشتی دا هێنا, هەر کەس خەریکی چای خواردن و قلیان کێشان و قسەکردنی خۆی بوو, سەرێکی ڕاوەشاند. لێی پرسیم کاکە تۆ خەڵکی ئەو شارە نی؟ نازانم بۆ بەو پرسیارە پەشۆکام, دڵم پڕ بوو, هەستم بە غەریبی کرد, جا غەریبی خۆم یا ئەو؟ پرسیم لە بەر چی دەپرسی؟ چاوێکی لە چاوم بڕی وکوتی, ئاخە خەڵکی شارەکەم زۆرم لێ ناپرسن, ئەوان تەنیا پێیان خۆشە گوێ بدەنێ. کوتم مامە قالە چاك یا خراپ ئەمنیش ناپرسم. شمشاڵەکەی بە لێوییەوە نا. وەرە سوارە بچکولە بگەڕێوە...
دەنگی لە دورەوە هەر دەهات, بیرم لەوە دەکردەوە, ئەم کابرایە, دەبێ چەندە ئاشقی سروشت و وڵات و خەڵك و بەسەرهاتی گەلەکەی بێ کە هەموو شتێکی لەم ڕێگەدا بەخت کردوە, بیرم لە شۆرشگێڕان دەکردەوە ئەو کەسانەی لە ڕێگای وڵات و ئامانجی بەرزی ئینسانی وئازادی گەل دا گیانی خۆیان بەخت دەکەن. باشە چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان خۆبەخت کردنی قالەمەڕە و ئەوان دا؟ ئەم گیان بەخت دەکا هەتا بە سەرفەرازی بگا, ئەویش گیان بەخت دەکا هەتا بە هونەرەکەی یادی خۆبەختکەران زیندو راگرێ, مێژوونووس نیە بەلام مێژووت بۆ دەگێرێتەوە, بەسەرهاتی دوێنێ و ئەورۆ دەبێتە چیرۆك, بەیت وحەیران, گۆرانی و دەچێتە گەرووی شمشاڵەکەیەوە.

تەواو لە فكری قالەمەڕە دابوم, لە بەر چاوم ڕەنگەكان تێكەڵ دەبوون, زەرد وسوور, سپی وشین, ڕەنگی جوراجۆر بە دیتنی ڕۆژ دەدروشانەوە, كە نزیك بومەوە پۆلێك كچ وژنم چاو پێكەوت, هەموو لە دەوری بۆریەكان كۆ ببوونەوە, یەك جل وبەرگی ئەشورد, یەك گۆزەی پڕ دەكرد, یەك قاپ و قاچاخی ئەشورد, جاروبار دەدیت ڕێبوارێكی تینو لە دەستی كەنیشكێك ئاوی دەخواردەوە, پەرداخەكە یا جامەكەی بە سپاسەوە دەداوە دەستی. كچێكی منداڵ قاپێك بە دەستەوە لە عەرزی چووە خوار، پێم سەیر بوو, بە شوێنی دا ڕۆیشتم, لە حەوت هەشت متری نێو دڵی زەوی ئاوێكی شین وجوان بە خوڕ دەهاتە دەر, ئێرە خورێنكە, كچە بچكۆلەكە دەم وچاوی شۆردو بە قاپێك پڕ لە ئاوەوە هاتە دەر, بێ ئەوەی هەست بەتونیەتی بكەم لە پێپلیكانەكان چوومە خوار, لە دەستی دیكەوە شۆرەكچێك گۆزە لە سەر شان بە جل وبەرگی سووروجوانەوە دەهاتە خوار, ساردی ئاوەكە وەخوی خستمەوە, كچە دەتگوت حەوت قەڵەم خۆی ڕازاندوتەوە و هاتۆتە سەر داوەت, بەلاّم ئەوەی دیار بوو, جوانی ئاسایی بوو كە وەبەر چاو دەكەوت, خەریكی گۆزە پڕكردن بوو, جار وبار ڕوی وەردەسووراند, بێ ئەوەی داوای ئاوم لێ كردبێت دەستی كێشا ولە زنەی ئاوەكە جامی پڕ كرد, فەرمو كاكەی غەریب بخۆرەوە, تەبەروكە, نیەتی دڵت بكەو بخۆرەوە, پێم وابو شەراب لە دەستی مەیگێڕ وەردەگرم, سەرم پێوەنا و یەك بین خواردمەوە, لای خۆم هەستم بە مەستی دەكرد. كچە جامی لە دەست وەرگرتم, گۆزەی لە سەر شانی دانا و سەر كەوت. داخەكەم بۆ هەستێكی شاعیرانە, بۆ قەڵەمێكی نەققاش یان بۆ دەنگێكی خۆش, وەبیر دەنگ خۆشی بۆكانی كەوتمەوە.

سوێند دەخۆم بە گۆشەی چاوت
ئەسیر بووم و كوتمە داوت
خۆم دای دێنم زولفی خاوت
ئەسیرم, دیلی باڵ بەستە
بمكوژی, حەقت بەدەستە
چاوت جوان, ئەبرۆت پەیوستە
ئەسیرم, كۆتی تۆم لە مل
توبی, تو چاوی پڕ لە كل
مەمگۆرەوە بە پیاوی گول
مریەم ئامان, مریەم چاو جوان
مریەم بۆكانی مریەمێ

كە گەیشتە سەر عەرز ئاوڕێكی داوە, چاوێكی لە خوارەوە كرد, دەتگوت خۆرەو تیشكی هاویشتۆتە ناو چاڵی تاریكەوە, چاوم لە تیشكەكە بوو, بەلاّم هەتاو ئاوا بوو.

خەیالاّت دایگرتبووم, كە چاوم هەڵێنا دیتم بە سەر موحەجەریەكانی دەوری حەوزەكەدا شۆڕ بومەتەوە وچاوم بڕیوەتە جووتە ماسیەكە, دوای ئەوەی تێر تەماشای كایەكردنی ماسیەكانم كرد, لە یەك هەڵبڕینی ماسییەكان دیسان بۆم بو بە پەژارە, دەتگوت دوو دڵدار لە یەك هەڵبڕاون, زیرەك بە هاوارمەوە هات:

حەوزەكەی بۆكان قوڵ وبێ بنە
دوو ماسی تێدا خاڵ لە گەردنە
لەو جووتە خوشكە یەكیان هی منە

لام کردەوە کابرایەك لە تەنیشتمەوە راوەستابوو, جل وبەرگێکی زۆر حاوێن بەڵام کۆنەی لە بەردابوو, رانك وچۆغەیێکی شینکی, بە سیخمەی مخمەر و پەستەکەوە, مێزەرێکی تەخت رەشی گوڵ وردی ریشوڵ ریشۆڵی لە سەر بەستبو, تووکی سەری تەواو لێ سپی کردبوو, پیرێکی زۆر جوان بوو, ئەگەر تووکی سەری لێ گەڕابا لاوێکی تەواو بوو, چاوی بڕیبوە ماسیەکان, بە پێکەنینەوە روی تێکردم و وتی: ماسی بێ ئاو دەمرێ مرۆڤیش بێ ئەوین ودڵداری.

پیری دنیادیدە دەیزانی بیر لە چی دەکەمەوە, بە ڕوخۆشیەوە پرسی: میوانی گیانە؟!

بەڵێ مامە.

: مامەت بە قوربان لە چی فکریوی؟

لەم حەوزە, لەم گوڵە زەردبووانە, لەم جووتە ماسییە. مامە ئاوی ئەم حەوزە لە کوێوە دێ؟ لێم پرسی.

: زۆرشت سەبارەت بەم حەوزە دەڵێن بەشی زۆری ئەم ئاوە لە ناڵەشکێنەوە دێ, وەك دەڵێن کایان لە کونە بایەکەی ناڵەشکێنە کردوە لە حەوزێ هاتۆتە دەر.

دەچمە سەر ناڵشکێنێ بەرانبەر بە بۆکانێ
ئەی وەی بەرانبەر بە بۆکانێ
یاری من هەر نەجیبە, باریکە ونەشمیلانێ
مردم کورتێی خاڵ دانە دانێ
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە مەحموودئاوا
ئەی وەی بەرانبەر بە میراوا
یاری من هەر کەژاڵە, چاوی کاڵە
سوورە گوڵەی باخی ساوا
دەچمە سەر ناڵشکێنێ, بەرامبەر بە مياندواوێ
ئەشقی باڵای لێو ئاڵ بووم,
چی لێ بکەم کوڵمی گوڵی سێڵاوێ
ئەی وەی دنیام بێ وی من ناوێ
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە سابڵاخێ
ئەی وەی بەرامبەر خاتون باخێ
یاری من هەر کەژاڵە,چاوی کاڵە
بۆچی لە من بووە یاخی؟
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە عەلیاباد
ئەی وەی بەرامبەر ماڵی عەلیاباد
ئاشقی چاوی کەژاڵم, شیرینە, بە وێنەی نەبات
ئەی وەی مەحتەل بووم بۆچی نەهات؟
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ, بەرامبەر ماڵی شێخلەر
ئەی وەی بەرامبەر ماڵی شێخلەر
ئاشقی باڵای نەجیبم,قەدباریکەو رەش ئەسمەر
هاوار قەد باریکەی رەش ئەسمەر
دەچمە سەر ناڵەشکێنێ بەرامبەر بە گەرمێنێ
ئەی وەی بەرامبەر بە گەرمێنێ

ئاشقی چاوی لێو ئاڵم, خودا لە منی نەستێنێ
یاری من هەر لێو ئاڵە بۆ من سەد ملیون دێنێ

ماموستای دەنگ, ماموستای فولکلور, ساڵێکە لە سەر ناڵەشکێنە نووستوە, کابرا بە دەست ئیشارە دەکا« گۆڕی زیرەك لە خوار ناڵەشکێنەیە, لە وێوە چاوی لە هەموو شوێنی شارەوە هەیە, تاڵوار, بەربەردان, ئاشی خانم, زاخەکان, بەرماڵان, پشت ماڵان, تەق تەقە بەردەکان, سەلاخانە, قەبران, پشت قەبران, قوللە, قەڵا, سەرقەڵا, گوزەری سەید سەدیق, گوزەری خەیاتەکان, قەپان, گەڕەکی جولەکەکان, مەیدانی کەران هەموو گەڕەکەکانی لێوە دیارە. میراوا وسوڵتان وکێوە درێژ و بەردەزەردیشی لێوە دیارە. زیرەك لە سەربانی شارەکەوە هەموو شوێنێ دەبینێ.» مامە درێژە ئەدا و دەڵێ: گۆڕی زیرەك پێگەی هەموو دڵپاکێکە, لە عێراق و تورکیاوە دێنە سەر گۆڕەکەی, لە سەر کێلەکەی ئەم شیعرە ئەبینی

زیرەك زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر
باوەکو لە ژیان نەحەسایەوە
پەژارەت زۆر دیت زۆر چەوسایەوە
رۆژگارت ساتێ بە بێ خەم نەبوو
بەلام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

ماسییەکان هەر وا لەیەك هەڵبرابوون, کابرا لکی سۆرانیەکەی لە قۆڵی هاڵاندەوە, روی تێ کردم: ئەوە قەڵای سەردارە.

لە بڵیندترین شوێنی شارەکە قەڵای سەردار هەڵکەوتووە و بە سەر شارەکەدا دەڕوانێ, ئەم شوێنەی قەڵاکەی لێ ساز کراوە, دەڵێن تورەکەکێش کراوە یانی تورەکە تورەکە خۆڵ کۆ کراوەتەوە ئەوجا ئەم تەپە پێك هاتووە. کابرا کوتی: ئەم مزگەوتەش کە لە باڵی چەپەوە هەڵکەوتوە مزگەوتی گەورەیە, قەڵا و مزگەوت وحەوزەکە پێکەوە سازکراون. وەبیر سەرداری بۆکان کەوتمەوە, ئەو یەکەم عەکاس,, وێنەگری,, ئێران بوو, ئەو یەکەم دووچەرخەی هێنایە ناوچەکە, وەبیر فەرهەنگ دۆستی وئەدەب پەروەری ئەو کەوتمەوە.

لە بن دار تووەکەی پەنای مزگەوت دانیشتین, لە کابرام پرسی لە بابەت ئەم شارەوە چ دەزانی؟ چاوێکی لە حەوزەکە کرد و کوتی« کاتی خۆی ئەم شارە زۆر خۆش بوو, چۆن دڵی ئێنسان خوێن بە هەموو دەمارەکانی لەش دەگەێنێ, ئەم حەوزەش ئاوی بە تەواوی شەقام و کۆلانەکان دەگەیاند, ئێستاش ئەم خوێنە جەریانی هەیە, هەر بۆیە بەهاری شارەکە پڕ گوڵ وگیایە, بەلام داخەکەم گوڵ و گیا پێ شێلی چەکمە ڕەقانە, نایەڵن ئاو بە دەمار و لەش بگا. لەش زۆر زوو وشك دەبێ و دەفەوتێ. گوڵ عومری زۆر درێژ نابێ. زەمانی سەردار دەنگی گۆرانی, هەڵپەرکێ و رەش بەڵەك گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد و گرمەی چۆپی عەرشی دەلەرزاند, جاری وابوو چەند بووك و زاوا لێرە زەماوەندیان دەگرت. ئێرە کانی بووکان, جێگەی سەرەتای ژیان, جێگەی راز و نیاز و بە یەك گەیشتنی دڵداران, جێگەی ئەم جووتە ماسییە خاڵ لە گەردنانەیە. سەیری جووتە ماسییەکەم کرد پێکەوە سەرو خواریان دەکرد. وەبیر قسەکانی کەنیشکەکەی گۆزە لە سەر شان کەوتمەوە, جامە ئاوی ناو خورێنکەکە! کەنیشکەکە لە خۆڕاوە نەیگوت نییەت بکەو بخۆرەوە.

کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشا, چاوی بریبوە ماسییەکان, شوێنی ئەوانی بە چاو دەبڕی, سەری هەڵێنا, چاوی وەك کامێرا لە شوێنێك بۆوێنە گرتن راوەستا, لە بەر خۆیەوە دەیگوت« دەڵێی دوێنێ بوو, بەلام نە دوێنێ 29 ساڵ لەمەوبەر بوو, قۆڵی لێ هەڵماڵیبو,

ئارەقە هەموو لەشی داگرتبوو, بە پەلە لە چاپخانەکەی هاتە دەر هەڕای کردە خوڕێنکەکە تێر ئاوی خواردەوە, دەم وچاوی لە ئاو هەڵکێشا, خۆی فێنك کردەوە, دیسان خۆی کردەوە بە شوێنی کارەکەیدا- گوێم بۆ قسەکانی شل کردبوو- چوومە پێش, سەلام کاکە حەسەن, وادیارە پڕ کاری! وڵامی پرسیاری دامەوە,( چی بکەم کاکی خۆم دەبێ زووتر ژمارەی نوێ لە چاپ بێتە دەر) ئەو جار چیت کردوە ماموستا؟ قۆڵی لێ هەڵماڵیبو پەیتا پەیتا کاغەزەکانی لە ژێر چاپ دەردەکێشا لە عەینی کاتدا کوتی,, کاکی خۆم دیاری شوان ئاڵەکۆکە, دیاری حەسەنیش هەلاڵەیە,, مامە حەسەن بۆنی هەلاڵەکەت شارو دێی داگرتووە, وادیارە باخەوانێکی لێزان و شارەزای,, نە کاکی خۆم هەلاڵەکە زۆری ماوە ببێتە گوڵی مەجلیسی شوان و سەپان و گاوان و جوتێر و شارستانی و گوندی, ژن و پیاو و گەورە و بچوك,,.

کابرا چاوی لە چاوم برِی دڵوپ دڵوپ گڵوڵەی مرواری بە چاویدا دەهاتە خوار, بەردەوام کوتی: ,,قسەکانی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە, زۆری نەکێشا هەلاڵە پەڕ پەڕ کرا و باخەوانەکەشی....!,, قسەکانی بۆتەواونەکرا هەناسەیەکی هەڵکێشا, دەستێکی هاویشتە سەر شانم! وام دەزانی منداڵێکی چکولەم کە دەستی بە مەحەبەتی باوك بە سەری دا دێت. کوتی:,, کاتێك لە کار دەبوو, دادەنیشت پشوو بدات, دەستی دەکرد بە قسە کردن, نەقڵی کۆن و نوێی لە لا بوو, هیچ شتێك لە بەر چاوی وون نەدەبوو, لە نەقل و قسە خۆشەکانیدا رەخنەی بەجێ وەك لاق و پێڵاو لە باڵ یەك دابوون. هەموو کەس خۆشیان دەویست, ئەویش هەموو کەسی خۆش دەویست لە چارە رەش و پێ خاوسەکان نزیکتر بوو.

کابرا بەردەوام دەڵێ: ,,تەنزنووسێکی کەم وێنە بوو, رۆژنامەنووسێکی ژیروشارەزا و چیرۆکنووسێکی پایەبەرز بوو, پیاوێکی ماقوڵ و بلیمەتێکی هەڵکەوتوو"! زۆرم نێوبانگی ماموستا قزلجی و تەواوی بنەماڵەی هونەرمەند و فەرهەنگ پەروەرەکەیان بیستبوو, هەر لە ماموستا تورجانی زادە، کە یەکەم رۆژنامەنووسی کوردی ئێران بووە هەتا مەلا حەسەنی گەورەو وئەم دوایانەش نەوەی ئەم بلیمەتە.

بیرم لەم شتانە دەکردەوە کابرا کوتی: ,,چاپخانەکەی ماموستا بۆتە جێگەی دەرمان فرۆشتن,, بزەیەکی هاتە سەر لێو و درێژەی بە قسەکانی دا. ماموستا دەرمانی روح و دەروونی لە لا بوو, دەرمان فرۆشەکە دەرمانی لەش. لێی پرسیم, پێت خۆشە قەلاکەش ببینی؟ بێ سێ و دوو کوتم زۆرم پێ خۆشە. گۆچانی لە بن باخەڵی نا و دەستێکی بە قولفی گۆچانەکەیەوە, دەستێکی لە بەر پشتنی ناو وە پێش کەوت. دەت کوت تەواو شاخ و کێوی کوردستانی بەم پێڵاو و بەرگەوە یەك بە یەك بڕیوە. وەك لاوێکی بەهێز و توانا هەنگاوی هەڵدێناوە, دەڵێی ئەم کابرایە هیچ کات ماڵ و حاڵێکی نەبووە و هەر بە شاخ و دووڵ و چیادا هەڵگەراوە, ئەم هەنگاو هەڵێنانەوە, ئەم جوانی و پاکی و دڵ گەرمییە بەرەو یادی مێژووی گەلی کوردی بردمەوە. مێژوویێکی پڕ لە تاڵی و سوێری, پڕ لە سەخڵەت و دژواری, پڕ لە حەول و تەقەلا, پڕ لە تێکۆشان و خەبات, پڕ لە ئێش و ئۆف, پڕ لە بێبەشی.

کابرا لە بەر دەرکی قەلا راوەستا, پاڵی وەگۆچانەکەیەوە دا, چاوی تێبڕیم« ها لاو ئارەقە دایگرتووی, هەورازەکەی ناخۆش بوو؟ ئەگەر لە جیاتی دروستکەرانی ئەم قەلایە بای چت دەکرد؟ رۆژێ دەیان کەڕەت بە تورەکەی خۆڵ و تاشەبەرد و کاسە قوڕەوە سەر و خواریان کردوە». قسەکانی لە دڵ دەنیشت, بە راستی کاتێك وەبیر ئەم شتانە دەکەومەوە مچروك بە گیانم دادێت, دیواری چین, ئەهرامی سەلاسە و پرسپۆلیس و دەیان

شوێنی دی. ئەم زڕەقەڵایە چۆن بە دەست و لاق ولەشی خەڵك دروست كراوە, لێرەدایە مرۆڤ مێژووی ئینسان پڕ لە ئێش وئۆف وداخ و حەسرەت دەبینێ. هەموو كاتێك تاقمێكی بچوك حاكمی ماڵ و گیان و نامووس و لەش و ژیانی زۆربەی زۆری خەڵك بوون, چاو لە هەر شوێنێك دەكەی جێ پێی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە دەبینی تەنانەت چاو لێكردنی داروديوار ئەوە دەگێڕنەوە.

لەحەسارە گەورەكەی قەڵا تێپەڕین, چووینە نێو قەڵاكە دەدوازدە وەتاخ(هودە) هەبوو كە هەمووی پەنجەرەی بەرەو حەوز و مزگەوت و شەقامەكە دەكرایەوە، كە لە بورجەكانەوە چاوت لە شار كردبا، وێ دەچوو پەنجەرەیەكە كە بەرەو شارەكە دەكرێتەوە. چووینە سەربان, مامە گوتی« وەرە», چوو لە گێسوانی بانی بەرەو رۆژهەڵات دانیشت, هەر دووك لاقی شۆڕ كردەوە, منیش هەر وام كرد. قامكی راداشت كوتی« هەر ئەو ساڵ خۆزگەم بە پار، ماموستا هەژار لەم خانووەی بەرانبەردا دەژیا, چاوی لە هەموو شوێنێك بوو, تەنانەت كلاوەی تەرەغەشی لێوە دیار بوو. هۆو پەنجەرە دەبینی؟ ئەم پەنجەرەی دەكردەوە و سەیری حەوزەكەی دەكرد, هەركەس لەوێوە سەیری جوانی بكا, بە حەتام هەستی شاعیرانەی دەبزوێت.» لەم كاتەدا كەنیشكێكی باڵا بەرز, گۆزە لە سەرشان لە هەورازەكە وەسەر دەكەوت, مرۆڤ وای دەزانی ئەوە سەروی عەرعەرەو پێی گرتووە, رێگای دەبڕی و وەسەر دەكەوت, دەت كوت بەرەو ئاسمان دەڕوا هەتا بە رۆژ بڵێت لاچۆ بڕۆ من هاتم. دەت كوت هەرچی رەنگی جوان لە سروشت دا هەیە چۆتە ناو جل و بەرگێوە هەتا جوانترین تابلۆ وەبەرچاو بێت.

گۆزەكەی سەر شانی دەیگێڕایەوە كە ژنی كوردەواری باری قورسی ژیانی لە سەر شانە, كاتێك ئاوڕێك لە ژیانی ژنان بدەینەوە دەبینین, جگە لە كاری ناو ماڵ, نان كردن و چێشت لێنان و مانگادەوشین ومەشكە ژەندن, جل وبەرگ شوردن و تەپاڵە پێژانەوە، هەتا منداڵ پەروەردە كردن ئەركی ئەوبووە. وەشوێن مێگەل كەوتوون, وەشوێن گاسن و جەنجەر. بژاركردن وكلۆش كێشان وخشت پێژان بۆ دروست كردنی ماڵ ئیشی ئەوبووە. سەرە رای هەموو ئەوانە پەیتا پەیتا هەوێیان بە سەر هێناون. ئێستاش كاتێك لە شارەكان چاوئەگێڕین دەبینین ئەوە لە كارگە خەریكی بەڕە و فەرش چنینن یان لە كورەپەزخانە خەریكی خشت پێژان وگڵ كێشانن. كەنیشكە لە كۆڵانەكە ئاوا بوو, لە چاوان گووم بوو.

كابرا لە خەیاڵاتی خوی دا نوقم ببوو, لە ژێر لێوەوە شێعری دەخوێندەوە, رووی وەرسوڕاند وكوتی,, ئەی كاكە هەژار, كاكە هەژار,, لە مەبەستی تێنەگەیشتم. گۆچانەكەی كردە سنگ و هەستایە سەر پێ. بەرەو ئەو سەری قەڵاكە هەنگاوی هەڵێناوە, لە سەر لێواری دیوارەكە راوەستا و چاوی لە دوور كرد, چۆم وباخی میراوا وكێوەكانی سوڵتان و تەرەغە و دێهاتەكانی دەورو بەر هەمووی دیار بوون, ئەم كێوانە وا جوان شارەكەیان لە باوەش گرتبوو, مرۆڤ وەبیر باوەشی گەرمی دایك دەكەوتەوە. كابرا گۆچانەكەی درێژ كرد وكوتی« هۆوە دێی حەمامیانە, كاتی خۆی ناوەندی شێعرو ئەدەب بووە. ئەوەی كە لە سەر هۆو تەپەكش دەیبینی گومبەزی حەمامیانە, لەوێ زۆر كەس نووستوون, یەك لەوان كاكە سوارە كە دەڵێ:

من ئەڵێم:

پەپولەیەك فڕی بە باڵی سەوزو سوورەوە

من ئەڵێم:

گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی:
چ بوو پەپوولەیەك فڕی
یانە سوورەگوڵ, زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من ئەڵێم:
هەتا هەتایە دەوری جوانی یە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر وگڕی
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆك
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی باڕی یە
جێگە مولّی کەمتیار و گورگ و ڕێوی یە
شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تیروقۆشەنە
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانی یە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زولاڵی خیزەوردەکانی کانیە.
باسی شەومەکە نە شایەری شەوم
باسی خەو مەکە لە لای هومێدی فێرە سەر ڕەوم
بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای, بە دەستی با
بە گوڵ چناوی, لێوە دێ
بۆنی سەرسەکۆی بە کاگلی, بەئاوپڕاوی“ لێوە دێ
پێم مەڵێ کە داکەوم
پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو, چاوی بێ خەوی چرە
پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون
مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە
ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقرە
خۆشەویستەکەم
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەلاّت
ڕۆژهەلاّتی سووری ئاگرین
فێرنەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە
چاوی قارەمانی کورد
بەشەونمی گرین
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانی یە

لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزەوردەکانی کانی یە.
مامە دەڵێ« ڕۆژێك دەچووین بۆ حەمامیان, لە ڕێگا باران دای دا, تەواوی گیانمان لە باراندا خووسابوو, لە ناچاری خۆمان کرد بە گومبەزەکەدا, بەهارێکی یەکجار خۆش بوو, بەرانبەرمان هەمووی گوڵ و گیاو باخ بوو, جوانی سروشت لە بەرچاوی ئێمە بێ وێنە بوو, چۆمەکە کاتێك وەبەر پەلاماری قامچی باران دەکەوت ناڵەی لێ هەڵدەستا» وەبیر زوڵم و زۆری ئاغاوات کەوتمەوە, ئەیان گێڕاوە هەر لەم دێیە بە دەیان کەس لە بەنێدا خنکاون, پیاویان لە ناو جوگەدا ڕاکێشاوە وچەند کەس چوونەتە سەر پشتی هەتا کابرایان بێ گیان کردوە. کابرا وەك بزانی بیر لەچی دەکەمەوە کوتی« ئەگەر مێژووی ئەم خەڵکە بخوێنیەوە, یان گوێ بۆ قسەیان ڕاگری مچورك بە تەواوی لەشتدا دێت. هەر لەم شوێنە گیان و ژیانی زۆر کەس پێ شێل کراوە»
کابرا درێژە بە قسەکانی دەدا« دوای ئەوەی باران لێ بووە و جل وبەرگمان وشك بوونەوە, چووینە ناو دێیەکە, هیچ کەس بێکار نەبوو, لە منداڵی دوو سێ ساڵەوە کە مێشی دێیەکە تێی هاڵابوو, هەتا پیرترین کەس. کاتێ چووینە ماڵێك بۆ نان خواردن, شورباوی باینجان(تەماتە) لە گەڵ هێلکە لە سەر سفرە بوو, دووایە لێمان حاڵی بوو, ئەوە باشترین چێشتی خەڵکەکەیە, لەو هەموو میوەیە کە لە باخی ئاغایی هەبوو هیچ دیار نەبوو, ئەو هەموو جم وجول وکارە هیچی بەرهەمی بۆ خودی خەڵك نەبوو. ڕوی کردە گومبەزەکە و کوتی« کاکە سوار لە شوێنێکی ئاوادا گەورە بوو, هەم خەڵکی دەناسی و هەم ئاغاوات». سەرێکی ڕاوەشاند وکوتی ,, ئەی کاکە سوار, ئەی کاکە سوار,,.
لە قەڵا هاتینە خوار هەتاو وڵاتی تەواو گەرم داهێنابو, بە سپاسی زۆرەوە لە کابرا جیا بوومەوە.کاتێك کە لێم دور دەکەوتەوە هەستم بەوە کرد ئەم کابرایە, وەك کتێبی مێژووی ئەم شارەیە.
بە شەقامەکەی پەهلەویدا پیاسەم دەکرد, هەموو چەشنە دوکانێك بەر چاو دەکەوت, دەلاك, قوماش فرۆش, وردەواڵە فرۆش, قەند وچایی ورۆن فرۆش, گەچ فرۆش, نان فرۆش, فەرش فرۆش, دەرمان فرۆش, ڕەنگی دەرك وپەنجەرە فرۆش, خەیات. هەروەها کە دەرۆیشتم چاوم دەگێڕا, هەرا هەرایکم بە گوێ گەیشت, کابرایەك یەك بە خۆی هەرای دەکرد ,, حەوت پوت وسێ سێ ونیو بۆ کاك حەمە, دیسان دەیکوت ئەوەش نۆ پوت بۆ کاك فەتخوڵا,, دوایە دەپرسێ,, نووسیت؟,, دەنگێك لە وەڵامدا دەیکوت بەڵێ نووسیم. کە وەزنکردنی گەنمەکان تەواو دەبوو, گورج تایە گەنم بە سەر شانی پیاوەکانەوە دەرفێندرا, دەت کوت موسابقەیە. ئێرە قەپانی قاسم ئاغایە, گەنمی شارو دێهات لێرەو لە قەپانی حەمەدەمین ئاغا کۆ دەبێتەوە, ئەوجا بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران بەڕێ دەکرێ.
لەم شوێنە دەیان کەس لە پیرو لاو کۆڵ دەکێشن. چاوم بڕیبووە تاقمیك کە بۆی دانیشتبوون, لە بێکاری پێکەوە قسەیان دەکرد. کوڕێکی لاو باسی دێهاتی دەگێڕایەوە,, دە مانگە هاتوینەتە شار, خەڵکی ئەوبەری سەدەکەین, شوانی وگاوانی, ئیش کردنی سەر زەوی ئاغا بە نان وئاوی نەگەیاندین بۆخوشمان زەویمان نەبوو, بابم کە ئەمری خودای بەجێ گەیاند, شەش حەوت زگی برسیم بە سەردا بە جێ ما, نەمدەزانی چ بکەم لە دێ بەڕێ نەدەچووین, لە ناعیلاجی هەرچی هەبوو نەبوو لە کوڵمان قایم کردو هاتینە شاری. لێرەش هەروا بەدبەخت ونەدارین, بە وردو درشت هەموو کار دەکەین بەڵام دەست

بەتالێن, دڵخوشیم ئەوەیە برا و خوشکەکانم دەچنە مەدرەسە, لێرە دوکتور و دەرمان و حەمام و بەرق و هەموو شتی پێویست هەیە.,, هەموو گوێیان بو شل کردبوو, کابرایێکی پیر هەڵی دایە و کوتی,, برالە نەکەی تەواوی عومری خۆت لێرە بە فیڕو بەریە سەر, ئەوەتا سی ساڵی رەبەقە کوڵ دەکێشم,هەزار و یەك نەخۆشیم لێ پەیدا بووە, ئێستاش وەك ئەسپی پیر کەلەلا کەوتووم, ئەگەر ئەمڕۆ کار نەکەم شەوێ نیمە بیخوم. منداڵەکانم دەڵێن بابەگیان بەسە مەڕۆ بۆ کار, بەڵام ناتوانم بێکار لە ماڵێ دانیشم, منداڵیش ئێستا دەرسیان تەواو نەبووە, خۆ ناکرێ لە دەرسیان بخەم، جا برالە ئەوە ژیان نیە, ئەوە شوغڵ نیە, ئەتۆ لاوی برۆ وەشوێن سەنعەتێك یان شتێکی باشتر کەوە.,, لەم کاتەدا منداڵێکی حەوت هەشت ساڵانە هاتە لایان روی کردە مامە پیرە و کوتی,, مامە رەسوڵ بابم کاری پێتە,,. مامە رەسوڵ هەستا وەشوێن منداڵەکە کەوت, کوڕە لاوەکە ڕێگا ڕۆیشتنی مام ڕەسوڵی سەیر دەکرد, پشتی تەواو کۆم ببووە, کوڕە بیری لە قسەکانی مام ڕەسوڵ دەکردەوە.

قسەکانی ما ڕەسوڵ لە گوێی منیش دا دەزرینگایەوە, سی(30) ساڵ کۆڵ کێشان ئاخرەکەی نەداری, نەخۆشی, بێ حاڵ وماڵی! بیرم لەوە و لە زۆر شتی دی دەکردەوە. دەنگی کوتك و دەزگا سرنجی راکێشام, ئێرە گوزەری ئاسنگەرانە, بە سێ چوار کەس کەوتبوونە سەر ئاسنێکی سورەوەبوو, چوار کوتك لە حەوا دەسوورا, دەکەوتە سەر ئاسنەکە, ئاهەنگێکی خۆش لەم کوتك و دەزگایەوە دەهات, دووکوتك لە حەوا و دووان لە سەر ئاسن, چوار باسکی بە قەوەت کوتکیان هەڵدەسووراند, پیاوێکی پیر, یەکی گەڕاوە, دوو لاوی بەخۆ, منداڵیێکیش کورەی دەدەماند. ئاسنی سارد دەچووە ناو کورە سوور سوور دەبووە, ئەوجا دەهاتە سەر دەزگا, لە ژێر کوتکی کوتك وەشێنەکاندا دەبوە داس, پێمەڕە, تەورداس, قەندشکێن, کوتك و شتی جور بە جوری دیکە. هەروا چاوم بڕیبوە کوتك و دەزگا و کورەکە. پیاوێکی لادێی دووای سلاوکردن کوتی,, وەستا عەولا داسەکەم سازە؟,, وەستا عەولا کە بە تەمەن لە هەمووان گەورەتر بوو, بەلام دیار بوو زۆر بە خۆیە، ولامی کابرای داوە. یەك لە لاوەکان کوتکی دەوەشاند لە عەینی کاتدا دەنگی لێ بڵیند کرد.

کوتکی سەرشانم کوتکی کاوەیە
دەرونم گەرمە چەشنی سۆبەیە
یارم ئەسیری زوحاکی سەیە
یا رزگاردەکەم یاری خۆشەویست
یا خۆشم دەچمە باوەش نازەنین(2)
ژیانی رزگاری ئاواتی مەیە
ئاواتی بەرزی کاوەش ئەوەیە

دەنگی لاوی ئاسنگەر کاری دەکردە سەر هەر رێبوارێك, وە بیر مێژوو و کاوە و زوحاك کەوتمەوە, وەبیر نەورۆز, وەبیر شادی. هەوروا کە دوور دەکەوتمەوە دەم کوت دەبێ چی لە مێشکی ئەم لاوە کوتك وەشێنەدا بێ؟ ئایا رۆژێك دەگاتێ کە ئەم لاوە کوتکی هەڵسورێنێ و مێشکی زوحاك بپژی؟ ئایا نەورۆزی کوردەواری لە ژێر سایەی هێزو توانای ئەم کوڕانە رەنگ و بۆی خۆی دەگرێتەوە؟ دەنگێك لە میشکم دا زرینگایەوە.

وا رۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە.

کاکە ئەتۆش ماتڵی سینەما بکرێتەوە؟ لاوێکی دەم بە پێکەنین لێی پرسیم. بەخۆمدا هاتمەوە, دیتم بەرانبەر سینەما لە کن چەند کەس بۆی دانیشتووم. لە وڵامدا وتم نە

کاکە ماندو بووم بۆی دانیشتم. لاوکە کوتی وادیارە خەڵکی ئێرە نی! کوتم وادیارە لە نێوچاوانم نووسراوە! دای لە قاقای پێکەنین. نەکاکە لە ناوچاوانت نەنووسراوە, بەڵام وای تێدەگەم شتێکت لێ وون بووە, چاولە چی دەگێڕی؟
لەبەر خۆمەوە کوتم ئەوە کێیە ئاوا سرنجی داوەتە هەموو ئاکارم. وتم هیچ کاکە. بزەێکی هاتە سەر لێو کوتی,, سەیرە!,,چی سەیرە؟ لێم پرسی. هیچ کاکە. خۆم پێ رانەگیرا پێکەنیم, ئەویش پێکەنی. وتم وەڵا بیستوومەماڵی ماموستا حەقیقی لەم لایەوەیە, زۆر حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێ. لێی پرسیم, ئەتوش شاعیری؟ نە کاکە! پرسی, نووسەری؟ نە کاکە! ویستی هەر وا بیکاتە پرسیار و وڵام وتم شێعرم پێخوشە, ئیدی پرسیاری لێ نەکردم. وتی بەرانبەرت دەستی راست ماڵی حەقیقی شاعیرە, حەتمەن شێعرە جوانەکانیت خویندۆتەوە؟ بەڵێ شێعرەکانیم خوێندۆتەوە, بە تایبەت تێهەڵکێشەکانی لە گەڵ حافز, ئەمبا بۆ باخی میراوا وروکناباد, ئەمبا بۆ لای گوڵ و بەهار, ئەمبا بۆ لای ژیان لە داوێنی سروشتا. دوا بە دوای من دەستی پێکرد. ئەمبا بۆ لای گوڵ و بەهار, ئەمبا بۆ لای ژیان لە داوێنی سروشت. پرسی ,, کاکە دەردەداری؟,,
نا!
,, ئەی چت لە گوڵ وژیان و سروشت داوە؟ هەرکەس بە فیکری گوڵ و ژیان و سروشت و نیشتمان بێ دەردەدارە!,,
ئەتۆ کێی؟ لێم پرسی. ,, لاوێکی ئەم شارەم, بێ پوڵ وپارەم, زگ برسی وئاوارەم, ئاشقی ئەم گوڵزارەم, نەخوشی ئەم غەدارەم, چاوەڕێی ئەم بەهارەم.,,
خوێن بەناودەمارەکانمدا بەپڕتاو هاتو چۆیان دەکرد, نازانم چۆن بوو دەستم لە ناو دەستی نا. پرسی,, ماموستا حەقیقی باش دەناسی؟,,
نە بە باشی ئێوە.
تونیەتی زۆری بۆ هێنابووم, لە بەر دەرکی مزگەوتە چکۆلە راوەستابووم, چاوم بە کتێبەکاندا دەخشاند, دەمنەی جوراجور بە شکلی کەلەباب و تاووس وشتی دی بەرچاو دەکەوت, ئێرە دووکانی موئەزنە دەنگ خۆشەکەی بۆکانە. پێش تاپۆبوومەلێلی بەیانی ئەوکاتە کە هەموو کەس لە خەودان, دەنگی مەلا محەمەد بەرز دەبێتەوە, مناجاتی بەرە بەیان سۆفی و سەید و حاجی ونوێژکەر بەرەو مزگەوت بانگ دەکا, شێعرە جوانەکانی لە گەڵ دەنگی خۆش خەوی منداڵەکان شیرین تر دەکا. دەگێڕنەوە باوکی مەلا محەمەد یەکەم موئەزنی دەنگ خۆشی ناوچە بووە, کاتێك لە حەمامیان بانگی ئەدا لە بۆکان خەڵك بەرەو مزگەوت ئاوا دەبوون.
چوومە پێش سڵاوم کرد, زۆر بەروخۆشی وڵامی دامەوە, دەستی لە نێو جامێك دابوو, قوڕەکەی خۆش دەکرد, هێندێکی لە بەری دەستی دادەنا, تۆزێك کایەی پێدەکرد, ئەوجا وەك پەیکەرسازێکی ماهیر, شکلی پێ دەدا, بە دارێکی زەریف وەك نەققاش خەریکی گڵەکە دەبوو, ئەوی دادەنا دارێکی پانتری هەڵئەگرت دیسان خەریك دەبوو, هێندی پێ نەدەچوو, مراوییەك, کەلەبابێك, تاوسێك زیندوو زیندوو لە ناو دەستی دەهاتە دەر, دوای ئەوە دەمنە(مودنە)کە تەواو دەبوو, دایدەنا وشك بێتەوە, پاشان رەنگی دەکرد.
ماموستا کتێبی کوردیت هەیە؟!
سەیرێکی کرد, بە بێ مەیلییەوە کوتی ,, تەماشاکە بزانە هەیە!,, چاوم گێڕا وتم ماموستا هیچ نابینم. وتی ,, دەی کاکە کاتێك نابینی یانی چی؟,, وەبیر خۆم و کوڕە لاوەکەی لای سینەما کەوتمەوە, کوتم نازانم یانی چی! تۆزێك شلەژا, نێوچاوانی تێك نا, بە توڕەییەوە

کوتی ,, یانی نییە کاکە,, مودنەیەکی کەڵەبابی هەڵگرت دەستی کرد بە رەنگ کردنی, زۆر بە سەلیقە رەنگی دەکرد.راوەستابووم. سەیرم دەکرد. مەتەق لە داروبەرد بێ, لە منەوە نەدەهات, وەبیر زەمانی منداڵی کەوتمەوە, کاتێك کە باوکم لێم تورە دەبوو. خەریکی کاری خۆی بوو, جارجارە بە دزییەوە تەماشایەکی دەکردم, نێوچاوانی وردە وردە گەش بووە, هەروا کە ئیشی دەکرد وتی,, خەڵکی کوێی؟,,
بە پەلە کوتم، سەری خۆت ماموستا بفەرموو نێوچاوانی من چی لێ نووسراوە؟ بزەیکی هاتە سەر لێو,,, کاکە خۆ من فاڵگیرورەماڵ نیم!,, بۆم گێراوە کە لە بەیانی یەوە چەند کەرەتیان لێ پرسیووم, باسی کابرای رانك وچۆغە لەبەر, باسی قالە مەرە, باسی لاوەکەی لای سینەما. نێوچاوانی تەواو گەش ببووە. وتی ,, کاکە شارەکە خنجیلانەیە هەموو کەس یەکتر دەناسن, جا ئەوەیە کابرای میوان بەرچاوە.,, باشە ماموستا لە کوردەواریدا لە میوان رێزدەگرن ئەتۆ...نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم کوتی ,, لە کوردەواریدا میوان خۆشەویستە, پێی لە سەرچاوانە, بەڵام روی پیاوی خراپ رەش بێ, چەند رۆژ لەوە پێش لە سەر کتێبێك بە ناوی فرِی فرِی قەل فرِی لە سابلاخ پەندێکیان پێدام کە بۆم ناگێرِدرێتەوە, دوای لە زیندان کردن و چەرمەسەری بەرەلایان کردم, پێیان کوتم نابێ کتێبی کوردی بفرۆشی.
بەگاڵتە کوتم, ماموستا پێت وایە ئەم قەلە رەشە بفرِیّ؟
بزەیکی هاتە سەر لێوی, چەند کتێبم لێ وەرگرت و خواحافیزیم لێکرد. لە سەر یەك لە کتێبەکان ناوی شەفیعیم بەرچاو کەوت. شێخ حیسامئەدین شەفیعی شاعیرو بوێژی کورد , شێعرەکانی بە فارسی وکوردی و عەرەبی هۆندۆتەوە.
مەولەوی فارس دەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت میکند
وز جدایها شکایت میکند

شێخ حیسامەدین دەڵێ:

مشنو از نی, نالەاش ازبی دلی است
بی دلان را عاقبت بی حاصلی است
بشنو از من شور عشقم در سر است
نالە عاشق نوای دگر است

لە گەڵ سەماوەردا ئاوا دەدوێ:

مرا باسماور از آن سرخوش است
کە چون من درونش پر از آتش است
دوهمدرد وهم صحبت و همنشین
بنالیم از سینە آتشین

مرۆڤ ئەگەر بیەوێ ناوی شاعیرو نووسەر و بوێژی ئەم شارە شارەزا بێ دەبێ مێژووی ئەدەبی بخوێنێتەوە یان قۆڵی لێ هەڵماڵێ و وەشوێن کەویت و بیان دۆزێتەوە و کۆیان کاتەوە.
سیف القوزات, تورجانی زادە, قزلجی, ئەفخەمی وئەخەم زادە و هتد.
بە قسە کردن لە گەڵ ماموستا تونیەتیم لە بیر چوو بووە, بەڵام کە چاوم بە دۆیەکەی کەکە عەولا کەوت وەبیرم هاتەوە, شەربەیێکی بۆ پرِکردم, شەربەکەم لە زارم نزیك کردەوە, سەرم هەڵێنا هەتا ئاخر دلۆپ بچێ بە گەروم دا, لەم کاتەدا چاوم کەوت بە

کاغەزێك کە بە شوشەی چلەوکەوبابی ,,تی بی تی,, دا چەسب کرابوو, بە خەتێکی خۆش نووسرابوو:
گروە ئتاتر جوان بوکان تقدیم می کند.نمایشنامە ,, حفرە,, از ناصر ایرانی. کارگردان, محمد رضا افضل. تاریخ نمایش 7و8 اړر 1353. محل اجرا, کتابخانە شهر خیابان 25 شهریور. .ورود برای عموم آزاد است.
ئێوارەیێکی پایزە, رۆژ لە پشت شاخەکانەوە ئاوا بووە, شار کپ و کەڕ بووە, شەقامەکان چۆلن, تاکە تاك کەسێك دەبینی کە بە پەلە بەرەو ماڵ دەچێتەوە. هەوا وردە وردە بەرەو ساردبوون دەڕوا, بەفر ئەوساڵ زووتر وڵاتی داگرتووە, هەموو لایەك سپی و هەوا تاریکە, لە دورەوە ماڵێك لە بەر رۆشنایی زۆر لە ماڵەکانی تر جیا دەکرێتەوە, بەرەو رووناکی دەرۆم, ئێرە کتێبخانەی شارە, کەسێك لە بەر دەرکە راوەستاوە, سڵاو دەکەم, بەخیرهاتنم دەکا.
هۆڵی شانۆ چۆڵ بوو, کورسیەکان هەموو بەتاڵ بوون, تەنیا چەند کەس لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون, دوای ماوەیەك چەند کەسی دی هاتن هەر کام لە لایکەوە دانیشتن, پێم سەیر بوو, ئێرە بۆ وا چۆڵە؟
چرا کوژاوە, پەردە لادرا, کەسێك هات بەخێرهاتنی کردین, دەنگی ئاشنا بوو.
«ئێمە تیپی شانۆی لاو خۆمان بە بەختیار دەزانین, کە بۆ یەکەمجار لەم شارەدا شانۆتان تەقدیم دەکەین, هیوادارین بە پشتیوانی ئێوەی بەرێز بتوانین دامەزرێنەری شانۆی واقیعی لە شارەکەماندا بین وهیوادارین بتوانین خزمەتکارێکی چکولەی خەڵك بین»
چاوێکم بە دەورو بەری خۆمدا گێڕا هەروا چۆڵ بوو, دوو کەنیشك شێعریان خوێندەوە, بە شوێنی دا شانۆ دەستی پێکرد. ئەشکەوتێك لەبەرانبەرماندا زاری کردەوە, سێ سەرباز لە بەرەی شەڕ رایان کردبوو, ئێستا پەنایان هێنابووە ئەم ئەشکەوتە, دەت کوت ئێمەش پەنامان هێناوەتە ئەم هوڵە, هۆڵەکە لە ئەشکەوتەکە چوڵترە.
کاتێك شانۆ تەواو بوو هەستم بەوە کرد زۆر ماندووم, خەفەت دایگرتم, لە ناو شاردا پیاسەم دەکرد, ئەمما بەم شەوە ساردە لەم شارە چۆڵەدا پیاسەی چی؟
کەس نەبوو لێم پرسێ کاکە بەم شەوە ساردە لە چی دەگەڕێی؟ کەس نەبوو بپرسێ کاکە خەڵکی کوێی؟ پێم وابوو قەت ئەوەندە غەریب نەبووم, بۆ دەبێ وابێ؟ چەند لاو بە هەزار زەحمەت, بە هەزار ئارەزوو قۆڵی لێ هەڵدەماڵن خۆیان لە ئاو وئاور دەدەن, شتێك پێك دێنن, کارێك دەکەن, بەڵام کەس گوێیان ناداتێ, تەنانەت خەڵك.
شار نووستوە کپ و بێ دەنگە, لە دورەوە دەنگی چەقەڵ و گورگ دێت, خەبەری زستان دەدا, لەم بێ دەنگیەدا دەنگی شانۆگێڕەکان لە ناو مێشکمدا دەزرینگێتەوە.« هیوادارین بە پشتیوانی ئێوەی بەرێز بتوانین دامەزرێنەری شانۆی واقیعی لە شارەکەماندا بین وهیوادارین بتوانین خزمەتکارێکی چکولەی خەڵك بین» هەمووی دەکەس نەهاتبوون. پەژارە دایگرتم.
شەوی دووایە هاتمەوە, چ دەبینم! سەرم سوڕما, ئەم خەڵکە چن؟ دۆشەو لەم هۆڵە دەنگی باڵی مێشوولە دەهات بەڵام ئێستا جێگەی راوەستان نیە. چ روی داوە؟ کێ خەڵکی ئاگادار کردوە؟ بیست دەقیقەی ماوە شانۆ دەست پێ بکا بەڵام جێگەی کەسێکی دی نابێتەوە.
چرا کوژاوە, پەردە لادرا, لاوەکە ئەوشەو گەشابووە, دەنگی تەواو گۆرابوو, سرنجی هەموو عالەمەکەی بۆلای خۆی راکێشا, سەیری دانیشتوانی ناو هۆڵەکە دەکەم, دەڵێی دۆشەو ئەم خەڵکە لە خەودابوون وئێستا رابوون, خەڵکی شار بەخڕی لێرە کۆبونەوە.

کەنیشکەکان هێز وگورێکی تریان هەبوو, کاتێك کە دەستیان بە خوێندنەوەی شێعر کرد موچرك بە لەشم دا هات, هەستێك کە دۆ شەو نەمبوو. چاوم بە خەڵك دا گێڕا, ژنێك منداڵی لە باوەش دابوو, توند منداڵەکەی بە خۆیەوە گووشی بوو, کەنیشکەکان دەنگیان بڵیند کرد, شێعرەکە لە مێشکی مرۆڤ کاری دەکرد. هەستن, رابن, بۆ دانیشتوون, شەو فرێ دەن. ئارەقە بە دەم وچاوی کەنیشکەکاندا ئەهاتە خوار, سوورسوور ببونەوە, بۆ یەکەمجار جوانییەکی ئینسانیم بە تەواوی گیانم هەست پێکرد. کچی کوردی ئەگەر لە نێو بەندی بێتە دەر گیان دەدا بە ژیان, ژیان شیرین دەکا, خۆی دەنوێنێ. هەستم بەوە کرد دیوارێك لە نێو میشکمدا رمیا, عارەقەیێکی سارد لەشمی داگرت، قسەکانی گەورە پیاو وگەورەژنانم وەبیر هاتەوە«ژن خودا دروستی کردووە, لە مەدبەق ولە ناو ماڵ بێ, پیاو دەبێ کاری دەرێ بکا و ژنیش کاری ناوماڵ ومنداڵ گەورە کاو ماڵ بحەسێنێتەوە.»

دەنگی چەپەڵە پەردەی خەیاڵی پچراندم, عالەمەکە نەیان دەبڕییەوە,کەنیشکەکان سپاسی دانیشتووانیان دەکرد. پەردە لادرا شانۆ دەستی پێکرد, بەڵام من هۆشم بەلای شانۆکەوە نەبوو, سەیری دانیشتووانم دەکرد, چاوم بە شێرکۆ کەوت کوڕە لاوەکەی لە قەلاندۆش کردبوو, مامە پیرەش لە پەنایەوە چاوی زەق کردبوو خۆی دابووە سە پێمەرەکەی, مامە لە خەیالاتی خۆیدا سەیری دەکرد. کە لام کردەوە لە بەر پەنجەرە لاوە خەیاتەکەم چاو پێ کەوت لەگەڵ هەواڵەکانی نووقمی تەماشابوون, مامە رەسوڵ لە پێشەوە لە سەر پالانەکەی دانیشتبوو, منداڵێکی لە باوەش دابوو, جاری وابو بە قسەکانی کازم و مورتەزا وکەسەکانی ناو شانۆ پێدەکەنی, جاری وابو ئاخی هەڵدەکێشا, هەرسووچێکی هۆڵەکەت چاو لێکردبا خەڵکی ناوشارت دەدیت. کوڕە کوتك وەشێنەکە لە گەڵ چەند کەسی دی لە سەر کورسی دانیشتبوون چاویان بڕیبووە ئەشکەوتەکە, کابرای رانك وچۆغە لە بەر لە کن دەرکەوە چاوی لە هەمووشت بوو, نەیدەویست هیچ شتێك لە بەرچاوی وون بێ. شانۆ تەواو بوو, چرا هەڵکرایەوە, بەشدارانی شانۆ کەوتنە باوەشی خڵکەوە دەستیان لە ناو دەستی شانۆگەرەکان دەنا, لە باوەشیان دەگرتن, پیرۆزبابییان پێدەکوتن, زۆر کەس لە خەیات وقوتابی وخەڵکی دی داوایان دەکرد ئەوانیش بەشداری شانۆ بکەن, وەبیر قسەکانی لاوەکەی لای سینەما کەوتمەوە:« هیوادارم رۆژێك هەموو هونەرمەندێك هونەرەکەی بێتە رو,بێتە ناو خەڵك, ببێتە ئامرازێك بە دەست خەڵکەوە بۆ سەرکەوتن بە سەر زوڵم و زۆر و وەدواکەوتووییدا, بۆ گەیشتن بە ژیانی پڕ لە بەختەوەری.»

3 رەزبەر ساڵی 1364 تاران(25 سپتامبر 1985)

بەسەرهاتی ئەم نووسراوەیە

زۆرشت لە ژیانم دا رووی داوە کە من تەوزیحی تەواوم بۆیان نیە, بەسەرهاتی ئەم نووسراوەیەش یەك لەم شتانەیە.
نووسینی ئەم نووسراوەیە, لە تەورێز دەستی پێکرا, لە تاران لە رۆژی 3ی رەزبەر ساڵی 1364ك.ە تەواو بوو. هەر ئەو دەم ناردرا بۆ گۆواری سروەی ماموستا هێمن, یەك دوو رۆژ دوایە بە تەلەفون هەواڵیم گرت, وەڵامیان داوە ,, گەیشتۆتە دەستمان,, . چوار رۆژ دوای نووسینی ئەم نووسراوەیە, رۆژی 7ی رەزبەری ساڵی 1364 وڵاتم بەجێ هێشت. سروە لە دارە دار هاتە دەر و دەساڵیش بە سەر تەمەنیدا تێپەڕی, باخەوانەکە و زۆر کەسی تر کە خەمیان دەخوارد بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایان کرد. ئەزیش لەم دەساڵە دا موی رەشم سپی کرد وئەم نووسراوەم لە سروەدا چاو پێ نەکەوت.
هەمیشە لە مێشکم دا بوو کە چی بە سەر ئەم سەفەرنامە خەیاڵیە, کە بابەتەکانی راستەقینەن، هاتووە. بەپێی تاقیکردنەوەی ژیان هەردەم لە هەر شتێك چەند نووسخەم هەڵگرتووە, دوای تێپەڕبوونی نزیك دەساڵ یەك نووسخە لەم نووسراەیە لە گەڵ کۆمەڵێك نووسراوەی دیکە، لە بۆکانەوە گەیشتە دەستم. بە هەڵکەوت هەر لە رۆژی 3ی رەزبەر ساڵی 1374 تایپم کرد, بێ ئەوە هیچ گۆڕانکارێکی تێدا بکەم. ئەم نووسراوە یەکەم جار ساڵی 1376 لە لایەن هێژا کاکە محەمەد کەمانگەر, سەرنووسەری گۆواری ئاوینە، لە ژمارەی 34و35 کە تایبەت بە شانۆ بوو بڵاوکرایەوە.
لە رۆژی 7/3/ 2001 لە ستۆدیۆی VHS لە شاری فرێشنی ئاڵمان بە دەنگی نووسەری ئەم دێڕانە و بەیان فەرشی هاوڕێ لە گەڵ موسیقا و دەنگی ئەو کەسانەی کە لە نووسراوەکەدا ناویان هاتووە، تۆمار کراوە و هێنرایە سەر سی دی کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە. 31 ساڵ لە سەردەمی روداوەکانی ئەم نووسراوە و 21 ساڵ لە سەردەمی نووسینی تێدەپەڕی. چی ماوە و کێ ماوە و بۆکان لە خەیاڵی مندا چیە و ئێستا چۆنە باسی نووسراوەیەکی ترە، کە نەك لە تەورێز و تاران بەڵکو لە هەندران نووسراوە.

برایم فەرشی